# له ژێر گوشارێکی زۆر بۆ سەر دادگاو یاساکانی ئێران، نازەنین لەحوکمی ئێعدام رزگاری دەبێت

**سالار بابەشێخ**

بە هۆی بەربلاوبوونی بێکاری لە ناوچە بێبەش کراوەکانی وەك رۆژهەلاتی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانە بێدەرەتانەکانی ئەم کەرتەی کوردستان، روو لە شارە گەورەکانی ئێران دەکەن. سەرۆك خێزانی (نازەنین فاتیحی) یەکێکە لەو کەسانەی کە بەناچاری زێدی خۆی بەجێهێشتووە و بە ماڵ و منداڵەوە پەنای بۆ شارەکانی ئێران بردووە ولە دەوروبەری شاری (کەرەج) گیرساوەتەوە.

جگە لە کەمدەرامەتی و نەهامەتییەکانی ئەو جۆرە کۆچبەرییانە، خێزانی فاتیحی تووشی ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەبن کە کیژێکی تەمەن 18 ساڵان بۆ بۆ ماوەی ساڵێك لە زیندان و لە ژێر حوکمی ئێعدامدا بمێنێتەوە و دڵەخورپێ و ترس لە پەتی سێدارە، ئاواتەکانی بنێژێ و نائۆمێدی سیمای جوانی تێکبدات.

نازەنین فاتیحی ئەو کچەکوردە تەمەن 18 ساڵانەیە کە دوای پەلاماردانی لە لایەن سێ گەنجی سەرسەرییەوە، خۆی بە دەستەوە نادا و بۆ بەرگری لە کەرامەتی خۆی، ئەوەی پڕی پێدا کردبوو تا لە خەلۆەتی باخێکدا دەستدرێژی بکاتە سەری، چەقۆیەك بە لاملیدا دەچەقێنێ و خۆی رزگار دەکات، بەلام دوای دەستگیر کردنی لە لایەن دادگای ئێرانەوە بە ئێعدام مەحکوم دەکرێت و ئەمەش ناڕەزایەتی سەرلەبەری دونیای لێدەکەوێتەوە و زیاتر لە نیو ملیۆن ئیمزا لە کەمپینەکانی پشتیوانی و رزگار کردنیدا کۆ دەکرێتەوە.

کاتێك نازەنین لە رەشەمێی ساڵی 84ی هەتاوی لە شارۆچکەی (ئەکبەرئاباد)ی کەرەج تووشی ئەو رووداوە بوو کە سێ گەنجی سەرلێ شێواو بە مەبەستی حەزێکی یاخی،بیرفێنن، تەمەنی (17) ساڵان بوو، ئێستا 18 ساڵی تەمەنە و ماوەیەکی زۆرە لە بەرانبەر بڕیاری داگایەکی نادادپەروەردا، داڕماوە و لەوانەیە باری دەروونیشی تێکچووبێت. بەلام دوای پاڵپشتی هەڵسووڕان و چالاکانی بواریی بەرگری لە مافی مرۆڤ و فشارێکی گشتی، دادگای ئێران ناچار دەکرێت جارێکی دیکە بە حوکمەکەیدا بچێتەوە و لە ئەنجامدا لەلایەن شوعبەی (74)ی دادگای کەیفەری تاران، تۆمەتی قەتلی بە ئەنقەستی لەسەر لادرا و لە پەتی سێدارە رزگاری بوو.

لە یاساو رێسای کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو ژنەی لە دەستدرێژییەکی سێکسی یان لە بەسەرهاتێکی ئەوتۆدا خۆی بەدەستەوە بدات، دەبێت قامچی لێبدرێ و بەردباران بکرێ و ئەوەش لە کەرامەتی خۆی بەرگری بکات و تووشی رووداوێکی لەو چەشنەی نازەنین بێت و خۆی بەدەستەوە نەدات، دیسان دەبێت گەردەنی بە پەتی سێدارە بسپێدرێت. ئەمە ئەو فەهەنگە نەگریسەیە کە دەیان ساڵە گەلانی بندەستی ئیسلامی سیاسی گیرۆدەی بوونەو نەیانتوانیوە خۆیانی لێ رزگار بکەن.